گوێڕایەڵی بن وفەرمانەکان جێبەجێ بکەن، ئەگەرچیش بەندەیەکی حەبەشی کرا بە دەسەڵاتدار بەسەرتانەوە، کە سەری وەکو مێوژ بێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «گوێڕایەڵی بن وفەرمانەکان جێبەجێ بکەن، ئەگەرچیش بەندەیەکی حەبەشی کرا بە دەسەڵاتدار بەسەرتانەوە، کە سەری وەکو مێوژ بێت».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

گوێڕایەڵی کاربەدەستەکانتان بن ئەگەرچی بەندەیەکی حەبەشی کرا بە کاربەدەست بەسەر ئێوەوە کە سەری وەکو مێوژ بێت مەبەست لە (مێوژ) ئەوەیە کە ئەگەر لە بنچینەدا حەبەشی بێت یان بگەڕێتەوە سەر حەبەشیەکان لە لقێکی ڕەچەڵەکەوە، کاتێک دەفەرموێت: (کرا) مەبەست ئەوەیە کە ئەم بەندەیە کرا بە کاربەدەست بە فەرمانی (ئەمیر یان خەلیفە). ئەگەر کەسێک بە زۆرە ملێ بوو بە کاربەدەست ولە عەرەب نەبوو؛ بەڵکو بەندەیەکی حەبەشی بوو ئەوا لێرەدا پێویستە گوێڕایەڵ بین وفەرمانەکان جێبەجێ بکەین. وئەم فەرمودەیە بەڵگەیە بۆ گوێڕایەڵی کردنی کاربەدەست (وەلی ئەمر) مەگەر لە شتێک کە پێچەوانەکردنی فەرمانەکانی شەریعەت بێت، چونکە گوێڕایەڵی کردنیان خێر وئاسایش وجێگیر بوونی گوزەرانی خەڵکی تێدایە ودووربوونە لە ئاژاوە وپشێوی وشۆێنکەوتنی هەوا وئارەزوو. بەڵام ئەگەر خەڵکی پێچەوانەی فەرمانەکانی کاربەدەست کردەوە بکەن ئەوا لێرەدا پشێوی وئاژاوە دروست دەبێت وئاسایش وهێوری نامێنێت وهەمووی سەرسام دەبێت بە ڕا وبۆچوونی خۆی، وکار وگوزەران نامێنێت وفیتنە زۆر دەبێت، وئەمیش لەم سەردەمدا بینراوە لە چەند وڵاتێک بە هۆی ئەوەی کەسانێک ئارامیان نەگرت ودەرچوون دژی دەسەڵاتداری وڵاتەکە بەڵام سەرەنجامی دەرچوونەکەیان خراپە وزیان وفیتنە وکوشتنی زۆر زیاتری لێکەوتەوە، بۆیە زانایانی ئەهلی سونە هەرگیز دەرچوونیان بە کارێکی باش نەزانیوە چونکە بە درێژایی مێژووی ئیسلام دەرچوون دژی دەسەڵاتدار تەنها خراپە وئاژاوە وشەڕ وکوشتنی زیاتری لێکەوتووەتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6382